گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# میتافۆڕی چەمکی لە گوتاری بانگەشەی هەڵبژاردندا (هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٤) بەنموونە

**بەهمن محمد مولود**
زمانی کوردی، پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق
bahman.mawlood@su.edu.krd

**پ.ی.د. ئازاد عزیز سلێمان**
زمانی کوردی، پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق
azad.sleman@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٤/٦
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٥/٢٥
بڵاو کردنەوە: هاوین ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
*Conceptual metaphor, Persuasion, Election Campaign Discourse, Target domain, Source domain*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.3.2

## پوختە

میتافۆڕی چەمکی ڕۆڵێکی بنەڕەتی و کاریگەر لە ستراتیژیەتی گوتاری سیاسی هەڵبژاردندا دەگێڕێت. ئەم ئامرازە زمانەوانییە نەک تەنها بۆ جوانکاری و ڕازاندنەوەی گوتار، بەڵکو بۆ دروستکردنی دیدگایەکی تایبەت و کاریگەر لەسەر بیروڕای گشتی دەنگدەران بەکاردەهێنرێت. میتافۆڕی چەمکی پردێکە بۆ گەیاندنی چەمکە ئاڵۆزەکان بە شێوەیەکی سادە و هەستیارانە. سیاسەتمەداران لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا میتافۆرە چەمکییەکان بۆ سادەکردنی بابەتە ئاڵۆزەکان، گەیاندنی پەیامی هەستیارانە و دروستکردنی هەستی نزیکبوونەوە لە دەنگدەران بەکاردەهێنن. زۆرجار میتافۆرە چەمکییەکان هەڵگری باری ئایدیۆلۆژین و دەتوانن بەشێوەیەکی نائاگایانە کاریگەری قووڵ لەسەر بیرکردنەوە و هەڵوێستی دەنگدەران دابنێن. میتافۆڕی چەمکی دەروازەیەکی گرنگە بۆ داهێنانی نوێ و دەوڵەمەندکردنی زمان، هەروەها چۆنیەتی دروستکردنی کەتوار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(واقع)ـی سیاسی و بەکارهێنانی ئەو ئامرازە زمانەوانییە لە خزمەتی ئامانجە سیاسییەکان.

## ١- چوارچێوەی توێژینەوە

### ١-١ پێشەکی

میتافۆڕی چەمکی دیاردەیەکی گرنگ و زیندووی نێو زانستی زمانەوانی مەعریفییە، کە بە داهێنانێکی گرنگی بواری زمانەوانی دادەنرێت، چونکە ئاشکرایە مرۆڤ بەردەوام هەوڵ و کۆشش دەکات، لە پێناو گۆڕانکاری و گەشەکردن و پێشکەوتن، هەرگیز مرۆڤ نەیویستووە لە یەک چوارچێوەی دیاریکراو و بەستەڵەک ئاسا بمێنێتەوە و ژیان بکات. بۆیە میتافۆڕی چەمکی یەکێکە لە زادەی ئەم گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەی مرۆڤایەتی لە بواری زمانەوانی ئەنجامیداوە، میتافۆڕی چەمکی مانای نوێبوونەوە و گەشەکردن و قوڵبوونەوە و فراوانکردنی فەرهەنگی زمانەوانی زمان دەگەیەنێت.

### ١-٢ ناونیشان و بواری توێژینەوەکە

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە میتافۆڕی چەمکی لە گوتاری بانگەشەی هەڵبژاردندا (هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٤) بەنموونە، هەروەها بواری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی (پراگماتیک)ـدایە لە میتافۆڕی چەمکی دەکۆڵێتەوە لە نێو گوتارەکانی بانگەشەی هەڵبژاردندا.

### ١-٣ پرسیاری توێژینەوەکە

لە ڕێگەی خستنەڕوو و شیکردنەوەی چەند گوتارێکی بانگەشەی هەڵبژاردن، توێژینەوەکە هەوڵدەدات، وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە میتافۆڕی چەمکی لە گوتارەکانی بانگەشەی هەڵبژاردندا چەندە بەکار و کاریگەرە؟، لەهەمان کاتدا دەیەوێت بزانێت کام جۆری میتافۆڕی چەمکی بەکارهێنراوە؟، لەلایەکی دیکەوە هەوڵدەدات بزانێت تاچەند ڕۆڵی لە ساناکردنەوەی چەمکە ئاڵۆزەکان هەیە؟، جگە لەمانەش هەوڵدەدات لە ڕێگەی شیکردنەوەی گوتارەکان ئەمەش بخاتەڕوو، کە میتافۆڕی چەمکی

توانای گەیاندنی پەیامەکان بەهێز دەکات لە نێنەرەوە بۆ وەرگر؟ هەروەها تا چ ئاستێک ڕۆڵی لە دەوڵەمەنکردنی زمان هەیە؟

### ١-٤ هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئەمەیە تاکو ئێستا لە زمانی کوردیدا کار لەسەر میتافۆڕی چەمکی نەکراوە لە نێو گوتارەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن، بۆیە دەکرێت ئەم توێژینەوەیە ببێتە هەوڵێک بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆ شاییە. هەروەها میتافۆڕی چەمکی یەکێکە لەم دیاردە زمانییانەی، کە زۆرترین مشتومڕی لەخۆگرتووە و جێگەی تێڕامان و لێکۆڵینەوەیە، ئەمانە هۆکارێ بوون تا ئەم دیاردە زمانییە ببێت بە خولیای سەرەکی کارکردنمان.

### ١-٥ سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە سنووری زمانی کوردی – دیالێکتی ناوەڕاستدایە- نموونە میتافۆڕییە چەمکییەکانیش لە گوتارەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنی هەریەک لە بەڕێزان: (مسعود بارزانی، بافڵ تاڵەبانی، عەلی باپیر) وەرگیراون، شیکردنەوە و خستنەڕوویان بۆ کراوە.

### ١-٦ ڕێبازی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لە چوارچێوەی ڕێبازی (**وەسفی شیکاری**) دایە، بەپێی تیۆری جۆرج لاکۆف و مارک جۆنسن کار لەسەر میتافۆڕی چەمکی کراوە لە گوتارەکانی بانگەشەی هەڵبژاردندا.

### ١-٧ پێکهاتەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم پێکهاتووە لە چوارچێوەی توێژینەوەکە، بەشی دووەمیش لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، تەوەری یەکەم بە خستنەڕووی میتافۆڕ و ڕۆڵی میتافۆڕ لە گۆڕانی واتا و زمانەوانی درکپێکردن دەستپێدەکات، لە تەوەری دووەمدا تیشک خراوەتە سەر تیۆری میتافۆڕی چەمکی، هەروەها بەشی سێیەمیش پێکهاتووە لە دوو تەوەر، لە تەوەری

یەکەمدا باسی گوتاری سیاسی و ڕازیکردن کراوە، پاشان لە چوارچێوەی تەوەری دووەمدا شیکاری بۆ میتافۆڕی چەمکی لە گوتارەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن کراوە.

## ٢- زمانەوانی درکپێکردن و میتافۆڕی چەمکی

## ١-٢ میتافۆڕ و زمانەوانی درکپێکردن

### ١-١-٢ میتافۆڕ: چەمک و پێناسین

میتافۆڕ (Metaphor) لە بنەڕەتدا وشەیەکی فەڕەنسییە بە (Metaphore) دەنووسرێت، ئەم وشەیە سەرەتا لە گریکییەوە وەرگیراوە، کە (metaphorá) بووە، لە بەکارهێنانی ڕەسەنی یۆنانیدا، ئاماژەی بە پرۆسەی گواستنەوەی مانا لە شتێکەوە بۆ شتێکی دیکە کردووە، کە ئەمەش ڕێک ئەوەیە، کە میتافۆڕ لە زماندا دەیکات: سیفەت یان سیفەتەکانی شتێک (سەرچاوە) دەگوازێتەوە بۆ شتێکی دیکە، کە (ئامانج)ـە بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی نوێ دروست بکەن. (Clarke, 2019: 74)

لە یۆنانی کۆندا میتافۆڕ وشەیەکی باوبوو هەم لە ژیانی ڕۆژانە، هەم لە بواری تایبەتدا بەکاردەهات. لە ڕووی ڕەوانبێژی و ئەدەبییەوە، میتافۆڕ مانایەکی ئەبستراکت و ڕۆشنبیری وەرگرت. فەیلەسوفان و ڕەوانبێژانی یۆنانی، بەتایبەتی ئەرستۆ، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە داڕشتنی تێگەیشتنمان لە میتافۆڕ وەک ئامرازێکی زمانەوانی و مەعریفی. (Ricoeur, 2003: 56)

هەروەها میتافۆڕ لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت (المجاز)، (مەجاز) بە هەندێ لەم واتایانە هاتووە: (مجاز) بە واتای شوێن هاتووە لە (جازب)ـەوە هاتووە، واتە بەهۆی ئەوەوە دەبێ. هەروەها (جەوەزە) بە واتای حەڵاڵکردن و ڕێگەپێدانیش دێت. (رضا – مستەفا، ٢٠٢١: ٣) زاراوەی میتافۆڕ لە زمانی کوردیدا لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوە لەلایەن زمانەوانان و نووسەران و ئەدیبانەوە، کە بریتین لە (میتافۆڕ، ئاوەڵواتا، خواستن، خوازە) هۆکاری ئەم بەکارهێنانە جۆراوجۆرە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، نووسەران پێیان وابووە ئەم واتایەی نەگەیاندووە، کە زاراوەکەی لەسەر هەڵهێنجراوە، بۆ نموونە (بنار عبدالجبار) لە تێزی دکتۆراکەیدا (خوازەی چەمکی لە زمانی کوردیدا) زاراوەی خوازەی بەکارهێناوە، هەروەها (خەسرەو میراودەلی) لە کتێبی (میتافۆڕ لە قورئاندا) پێی وایە لەبنەڕەتدا زاراوەی (میتافۆڕ) بە واتای (استعارة: خواستن) دێت، نەک خوازە (مجاز) بۆیە دەبینین (خەسرەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میراودەلی) زراوەی (میتافۆڕ)ـی بەکاربردووە. (میراودەلی، ٢٠٢٤: ١٥) لە هەمان کاتدا (کامل حسن) لە کتێبی (زانستی ئاوەڵواتا) زاراوەی ئاوەڵواتای بەکارهێناوە، چونکە لەم بڕوایە دایە، کە زاراوەی خوازە و زاراوەی خواستن لاسایی کەرەوەی کوردی ناتوانن سروشتی ئەم ڕووداوە زمانی و هونەرییە دەربڕن و ڕوونی بکەنەوە. (البصیر، ١٩٨١: ٤).

### ٢-١-٢ ڕۆڵی میتافۆڕ لە گۆڕانی واتادا

میتافۆڕ یەکێکە لەم دیاردە زمانییانەی ڕۆڵێکی کاریگەری لە گۆڕانی واتا هەیە، لە ڕێگەی میتافۆڕەوە بەشێکی زۆری وشەکانی زمان جگە لە واتا بنەڕەتیەکەیان واتای دیکە وەردەگرن، ئەمەش بەڕوونی لە ئاخاوتنی ڕۆژانە و نێو گوتارەکانی هەڵبژاردندا دەبینرێت لە پێناو زیاتر ڕوونکردنەوەی چەمکە ئەبستراکتەکانی زمان لە ڕێگەی چەمکە کۆنکریتییەکانەوە. هەر بۆیە میتافۆڕ ئامرازێکی بەهێزە، هەرکاتێک بمانەوێ بارێکی نوێ بدۆزینەوە یان ڕوونبکەینەوە توانای ئەوەمان دەداتێ، کە باری نوێ لەچوارچێوەی وشە و دەربڕینی کۆندا لێکبدەینەوە، چوارچێوەیەک، کە پێی ئاشناین و لێی دەزانین. بەکارهێنانی میتافۆڕ لە ئاخاوتنی ڕۆژانە و گوتارەکانی هەڵبژاردندا لە زۆر بواری دیکەی ژیاندا ڕەنگدەداتەوە. ئاشکرایە زمان هاوتەریبی ژیانە، بۆیە بەکارهێنانی وشەکانی زمانیش بە واتای میتافۆڕی لە ئاخاوتنی ڕۆژانە و گوتارەکانی هەڵبژاردندا بە ڕوونی دیارە. (مەعروف، ٢٠٠٠: ١٣) بۆ نموونە وشەی (پیس) لە هزری ئێمەدا، سەرەتا ئاوەڵناوێکە و بۆ وەسفکردنی شت و دیاردەی بەرجەستە بەکارهاتووە، بەڵام بە پێپەڕبوونی کات، وەسفی دیاردەی نابەرجەستەشی کردووە، بەهۆی ڕێبازی فرەواتاوە، هەندێک لە وشەکانی زمان لە بواری بەرجەستەوە بۆ بواری نابەرجەستە دەپەڕنەوە، کە ئێمە دەیخەینە چوارچێوەی دەربڕینی میتافۆڕییەوە، لە بەر ئەوەی وەسفی دیاردەی مەعنەوی دەکەن: لەم ڕستانەی خوارەوەدا، ئاوەڵناوی (**پیس**) وەسفی ناوێکی بەرجەستە دەکات و بە واتای زمانیی بەکارهاتووە. - ئاوێنەکە پیسە. (+ بەرجەستە)

(ئۆتۆمبێلەکە، قاپەکە، شوشەکە، کراسەکە، ...هتد) پیستە (+ بەرجەستە). بەڵام لەم بەکارهێنانانەی خوارەوەدا، ئەم سیمایەی بەزاندووە: - چاوی پسیە - ناخی پیسە - دەستی پیسە - زمانی پیسە (فەتحوڵڵا، ٢٠٢٤: ٥٠)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٢-١-٣ چەمک و زاراوەی زمانەوانی درکپێکردن

زاراوەی زمانەوانی درکپێکردن بەرانبەر بە (Cognitive Linguistics)ـــی ئینگلیزی دەوەستێت، ڕیشەی وشەی (Cognitive) بۆ (cognoscere)ـــی لاتینی دەگەڕێتەوە، کە بە واتای (زانین/ ناسین) دێت، لە (co) بە واتای پێکەوە و (gnoscere) بە واتای زانین پێکهاتووە، بەیەکەوە واتای گەیشتن بە (زانین/ مەعریفە) دەگەیەنن. (فەتحوڵلا، ٢٠٢٤: ٣٢).

زمانەوانیی درکپێکردن قوتابخانەیەکی زمانەوانی نوێیە، زاراوەکە بۆ یەکەمجار لەلایەن زمانەوانی ئەمریکی (George Lakoff) لە دەوروبەری ساڵی (١٩٧٥)دا بەکارهێنراوە، بریتییە لە: (لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان زمانی مرۆڤ، ئاوەز و ئەزمونە جەستەیی و کۆمەڵایەتییەکان.) لەم ڕوانینەدا بۆ زمان، جەختکراوەتە سەر سێ لایەنی پەیوەندیدار: (زمان، ئاوەز و ئەزمون) لە ڕوانگەی زمانەوانیی درکپێکردنەوە، ئەم سێ لایەنە بەیەکەوە پەیوەستن. واتە، زمانەوانیی درکپێکردن نە ڕۆڵی ئاوەز لە پەیوەندیدا بە زمانەوە فەرامۆش دەکات، وەک لە بۆچوونی ڕەوشتییەکاندا دەبینرا، نە ڕۆڵی ئەزمون پەیوەست بە زمان و ڕۆنانە زمانییەکانەوە نادیدەدەگرێ وەک لە ڕێبازە ئاوەزییەکاندا بۆ نموونە (ڕێزمانی بەرهەمهێنان) بەدیدەکرا. (عباس، ٢٠٢٢: ٤)

ئەم ڕێبازە بەگشتی، لە چۆنییەتی کارکردنی ئاوەزی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، هەروەها لەسەر بنەمای درککردن بەو کەموکوڕییانەی، کە لە قوتابخانە زمانەوانییەکانی پێش خۆیدا هەبووە، دروستبووە و سەریهەڵداوە، بە تایبەتییش ئەو کەموکوڕییانەی کە لە هەردوو قوتابخانەی ڕەفتارگەرایی و عەقڵگەراییدا هەبوون. زانستی زمانی درکپێکردن لەسەرەتای دروستبوونیەوە لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا لە هەوڵدایە، کە ئەو بۆ شایی و کەلێنە زانستییە زمانەوانییانەی قوتابخانەی ڕەفتارگەرایی و عەقڵگەرایی پڕبکاتەوە، هەر بۆیە لە هەوڵێکدا بەداوی دۆزینەوەی چارەسەر و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە مەنهەجییەوە، کە لە هەردوو قوتابخانەکەدا هەبوون، ئەویش لەووەوە سەرچاوەدەگرێت، کە هەریەکە لەو دوو قوتابخانەیە دابەشکارییەکی دووانەییان بۆ زمان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا کردووە، بە جۆرێک لای ڕەفتارگەراییەکان زمان پۆلێندەکرێت بۆ دووانەی (زمان Language و ئاخاوتن Parole) و لای عەقڵگەراییەکانیش زمان خۆی لە دووانەی (توانست و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Competence و چالاکیی Performance)دا، دەبینێتەوە. لەم دابەشکارییانەشیاندا ئەوە نەخراوەتەڕوو، کە ئایا پردی پەیوەندی نێوان ئەم جەمسەرانە چین؟ هەر بۆیە درکپێکردن پەیوەست بە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانییەوە هەوڵیداوە ئەم درز و کەلێنانە پڕبکاتەوە. (ئەحمەد، ٢٠٢٢: ١٠-١١)

**٢-١-٤ بنەما تیۆرییەکانی زمانەوانی درکپێکردن**

زمانەوانی درکپێکردن، وەکو هەر زانستێکی دیکەی زمانەوانی خاوەنی بنەما و تایبەتێتی خۆیەتی، کە بەجۆرێک دەتوانرێت وەکو ڕوانگە و بۆچوونی بەرچاوی قوتابخانەکەش بخرێتەڕوو، کە پێکدێت لەمانەی خوارەوە:

**٢-١-٤-١ زمان دامەزراوەیەکی درکپێکراوی ناسەربەخۆیە:**

لەم بنەمایەدا ئەمە ڕوون دەبێتەوە، کە کۆزانینی زمانیی هەریەک لە (فۆرم و واتا)، بەشێوەیەکی بنچینەیی دارشتەی چەمکی دەگرێتەوە. بۆ زمانەوانانی ئەم بوارە، هەریەک لە داڕشتەی (سیمانتیکی، سینتاکسی، مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی)، سروشتی چەمکیانەیان هەیە. مرۆڤیش پێواژۆ درکپێکردنەکان و توانای درکپێکردنەکانی، بۆ کۆنترۆڵکردنی/ دەستپێداگەیشتنی زمانەکەی بەکاردەهێنێت، کە لە ڕێساکاندا، وەک هەموو توانا درکپێکردنەوەکانی ترن. ئەو توانا درکپێکردنانەنی، کە کاتێک قسە دەکەین، یان ئاماژە دەکەین، یان کاتێک لە زمانی قسەکردن، یان ئاماژە تێدەگەین، زۆر جیاواز نین، لە ئەرکە درکپێکردنەکانی، وەک پەیپێبردنی بینین، بیرکردنەوە، یان چالاکی جوڵەیی، بە واتای ئەو توانا درکپێکردنانەی، کە هەمانە و بەسەر زماندا جێبەجێیدەکەین، هەمان ئەو توانا درکپێکردنانەی ترە، کە لەلایەنەکانی تری ژیانماندا بەکاریدەهێنین (لێرەدا توانای زگماکیی مرۆڤ جیاکراوە نییە، لە توانا و دامەزراوەی زگماکیی سەربەخۆ ڕەتدەکرێتەوە. (عبدالله، ٢٠٢٣: ٧)

**٢-١-٤-٢ ڕێزمان بریتییە لە سیستەمی بەچەمککردن:**

بەو پێیەی یەکێک لە لقەکانی زانستی زمانی درکپێکردن تایبەتە بە لێکدانەوەی لایەنی ڕێزمانی زمان، هەر لەسەرەتاوە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە (ڕێزمانی زمان سیستەمی بەچەمککردنە)، لێرەدا ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مۆدێلە لە ڕێزمان پێشکەشدەکرێت، کە لەلایەن (Ronald W.Langacker)ەوە خراوەتەڕوو و گەشەپێدراوە. (لانگەر) ئەو مۆدێلە لە ڕێزمان پێشکەشدەکات، کە تەنیا دەرئەنجامی تایبەتێتییەکانی زمان و خودی زمان نییە، بەڵکو ڕوانینە لە ڕێزمان وەک میکانیزمێکی زانینە گشتییەکەی مرۆڤ و میکانیزمی کارەکییانەی ژیانی مرۆڤ. لەگەڵ ئەو بۆچوونەدایە، کە زمان و ڕێزمانەکەی، شوێنکەوتەی هەمان بنەما گشتییەکانی سیستەمی درکپێکردنی مرۆڤن. ئەگەر لە (ڕێزمانی بەرهەمهێنان – Generative Grammar)دا پێشنیازی مۆدێلێکی ڕێزمان و ڕێزمانێکی جیهانی بکرێت، ئەوا لە ڕێزمانی درکپێکردندا هەنگاوەکانی/ قۆناغەکانی پێشتری ئەم مۆدێلانە دەخرێنەڕوو. بەڵام لە ڕێزمانی درکپێکردندا، پێشنیازی مۆدێلی (بەچەمککردن) بۆ ڕێزمان دەکرێت و بەسەر تەواوی بونیادە ڕێزمانییەکاندا جێبەجێدەکرێت، نەک شێوازێکی دیاریکراوی جێبەجێکردنی هەبێت بەسەر زمانێکدا و شێوازێکی تایبەتی جێبەجێکراوی تری هەبێت لە زمانێکی تردا. (غەریب، ٢٠٢٤: ٤٦-٤٧)

٢-١-٤-٣ کۆزانینی زمانی لە بەکارهێنانی زمانییەوە سەرهەڵدەدات:

لە زانستی زمانی درکپێکردندا، بریتییە لەوەی کۆزانینی زمانی لە بەکارهێنانی زمانییەوە سەرهەڵدەدات، کەتیگۆریەکان و داڕشتەکان، کە لە (سینتاکس، مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی)دا دەردەکەون، لە تێگەیشتنەکانی ئێمە بۆ دەربڕینە دیاریکراوەکان و لە بەکارهێنانیان لە بۆنە دیاریکراوەکاندا بنیادنراون. ئێمە لە ڕێگەی بەکارهێنانیانەوە، زمان بیناد دەنێین، بەپێی بارودۆخەکە، لە واتای ڕاستەقینەی دەبراوەکان تێدەگەین. کۆزانینی زمانی ئێمە لە ملیۆنان نموونەی زمان لە بەکارهێناندا بنیادنراوە. توانا درکپێکردنەکان، وەک پەیپێبردنەکان و زۆربەی توانا درکپێکردنەکانی تر لەوانەیە چەسپێنرابن، بەڵام زمان نەچەسپێنراوە، بەڵکو لە ئەنجامی بیستنی جۆراوجۆری و زۆری حاڵەتەکانی بەکارهێنان بنیادنراوە، ئەمەش لە هەردوو پێواژۆی بە ئەسبتراکتکردن و بە ئەسکەلەکردندا ڕووندەبێتەوە. (عبداللە، ٢٠٢٣: ٨)

## ٢-٢ تیۆری میتافۆڕی چەمکی

### ٢-٢-١ چەمک و ناساندنی میتافۆڕی چەمکی

میتافۆڕی چەمکی، بە کرۆکی زمانەوانیی درکپێکردن دادەنرێت، سەرنجی زمانەوانانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا بە تایبەت (لاکۆف – Lakoff و جۆنسن – Johnson) کارەکانی هەریەک لەم دوو زمانەوانە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە بەشدارییەکی گرنگ لە پەرەپێدانی تیۆروانیین و لێکۆڵینەوەی پەیوەست بە میتافۆڕ دادەنرێت، ئەو میتافۆرە چەمکییەی (لاکۆف و جۆنسن) تێپەڕاندنی ئەو تیۆروانینە کۆنەبوو، کە بۆ میتافۆڕ وەک (ئامێرێکی زمانەوانیی) هەبوو، بۆ ئەوەی وەک ئامرازێکی درکپێکردن بۆ گەیشتن بە وێناکردن، چەمک و کەتواردا خۆبنوێنێت. (حەمەغەریب، ٢٠٢٣: ٢٢٩) جۆرج لاکۆف و مارک جۆنسن، لە کتێبی Metaphors We Live By لە ساڵی (1980)دا، بۆ یەکەمجار ئەم تیۆرەیان بە شێوەیەکی سیستەماتیک خستەڕوو. بە پێی بۆچوونی ئەوان، میتافۆڕ تەنیا ئامرازێکی زمانەوانی نییە، بەڵکو بەشێکی بنەڕەتییە لە سیستەمی بیرکردنەوە و ئەزموونی مرۆڤ. هەروەها پێیان وایە میتافۆرەکان بەربڵاون لە بیرکردنەوە و کرداری ڕۆژانە، نەک تەنها لە شێوەی قسەکردنمان، بەڵکو چۆنیەتی تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەرمان پێکدەهێنن. (Lakoff and Johnson, 1980: 7)، بەم جۆرەش هەموو زمان بە دیاردەیەکی میتافۆڕی دادەنێن...، کە سیستەمە ئاساییە چەمکییەکانمان لە کاتی کردە و بیرکردنەوەکانیشماندا، لە ڕاستیدا سروشتێکی میتافۆڕییانەی هەیە. لەم ڕوانگەیەوە دیاردەی میتافۆڕی، هەر لە بنەڕەتە زمانییەکەوە دەستپێدەکات، کە ئەویش خۆی لە گواستنەوەی پێکهاتەی بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆ سەر پێکهاتەی زمان دەبینێتەوە (شتێک دەگوازرێتەوە بۆ شتێکی تر) کەواتە یەکەم هەنگاوی دەربڕینی زمانی، خۆی لە خۆیدا میتافۆڕییانەیە. (غەریب، ٢٠٢٤: ١٢٤-١٢٥)

بەگوێرەی ئەم تیۆرە میتافۆڕی چەمکی لە پێکەوە بەستنی نێوان دوو بواردا بەبەرهەمدێت، کە زۆربەی کات یەکەمیان بەرجەستە (کۆنکریتی)یە، ئەویش بواری سەرچاوەیە، کە پێکهاتووە لە "بوون و پەسنەکان، کردەکان و ئەو پەیوەندییانەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و فیزیکی ئەزمونکراو. دووەمیان بە شێوەیەکی گشتی ئەبستراکتە، کە ناوچە یان بواری ئامانجە و پێکهاتەکەی لە ڕێگەی میتافۆڕییەوە لە بواری سەرچاوەوە وەردەگرێت، بە واتای ئەوەی میتافۆڕی چەمکی، بە پلەی یەکەم لەسەر ڕێژەی خۆگونجاندن لەنێوان بواری سەرچاوە و بواری ئامانج دامەزراوە. (حەمەغەریب، ٢٠٢٣: ٢٣٤)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٢-٢-٢ جۆرەکانی میتافۆڕی چەمکی

یەکێک لەم دابەشکاریانەی، کە بۆ ئەم دیارەدە زمانییە کراوە، لەلایەن (لاکۆف و جۆنسن) لە ساڵی (١٩٨٠)، یەکەمین دابەشکاری میتافۆڕی چەمکییە، میتافۆڕیان بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەشکرد، لەوانە:

#### ٢-٢-٢-١ میتافۆڕی پێکهاتەیی (Structural Metaphors)

مەبەســـت لە میتـافۆڕی پێکهـاتەیی چەمکێـک لەڕێگەی چەمکێکی دیکەوە بەشـــێوازی میتـافۆڕ ســازدەکرێت، واتە بۆ ئەوەی قســەکەر بتوانێت چەمکە ئەبســتراکتەکان باشــتر ڕوون بکاتەوە پەنا بۆ ئەم جۆرە میتافۆڕە دەبات، کە چەمکێکی ئەبستراکت بە چەمکێکی کۆنکریتی ڕووندەکاتەوە، ئەمەش لەپێناو باشتر گەیاندن پەیامی قسـەکردنەکەی، بەهەمان شـێوە ئەمە لە نێو گوتاریشـدا دەبینرێت، کە گوتاربێژ هەوڵدەدات چەمکە ئەبســـتراکتەکان لەڕێگەی چەمکە کۆنکریتییکانەوە باشـــتر بگەیەنێت و وێنەیەک لە زەینی جەماوەردا دروست بکات، لەم جۆرە میتافۆڕەدا بواری سەرچاوە زانیاری گرنگ و دەوڵەمەند بۆ بواری ئامانج پێشکەشدەکات. (Lakoff and Johnson, 1980: 4) لە نموونەی (مشتومڕ جەنگە) لێرەدا (مشتومڕ) بواری ئامانج و (جەنگ)ـــیش بواری سەرچاوە پێکدەهێنێت، دەتوانرێت لە ڕێگەی جەنگەوە، کە کۆنکریتە، ئەبستراکێتی مشتومڕ، کە بواری ئامانجە شیبکرێتەوە، بە جۆرێک لە جەنگدا پێویستە ئامانج هەبێت، پێکدادان لەسەر بەدەستهێنانی ئامانج دروستدەبێت، پێویستە تاک لە جەنگدا بەرگریبکات، جەنگ بۆ خستنی بەرامبەر و بەدەستهێنانی ئامانج پێویستی بە چەکی بەهێز هەیە، لە جەنگدا دۆڕان و بردنەوە هەیە. لە جەنگـدا تـاکتیـک و ســـتراتیژی هەیە بۆ بردنەوە. لەم میتافۆڕە چەمکییەدا هەموو تایبەتمەندییەکانی جەنگ بۆ موشتومڕ، گواستراوەتەوە. بەهەمان شێوە لە مشتومڕدا، پێویستە ئامانج هەبێت و پێکدادان لەسەر ئامانج دروست دەبێت، موشتومڕ پێویستی بە ستراتیژی و بەرگریکردن و چەک هەیە. (ئەحمەد، ٢٠٢٢: ٤٣)

#### ٢-٢-٢-٢ میتافۆڕی بوونناسی (ئۆنتۆلۆجی) (Ontological Metaphors)

ئەم جۆرە میتافۆڕەیە، کە تیایدا چەمکە ئەبستراکتەکانی وەک: بیرۆکەکان و هەست و سۆز و چالاکی و کردەوەکان و ڕووداوەکان دەتوانێت وەک بابەتێکی کۆنکریتی و فیزیکی وێنا بکات، واتە ئەم جۆرە

میتافۆرە پارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە ئەزموونەکان بە پێدانی تایبەتمەندی ماددی. میتافۆرە بوونناسییەکان ڕێگەمان پێدەدەن قسە لەسەر قەوارە ئەبستراکتەکان بکەین، وەک ئەوەی تایبەتمەندی بەرجەستەیان هەبێت. ئەوان گرنگن بۆ گوتاری هەڵبژاردن و زانستی، فەلسەفی و سایکۆلۆژی، کە پێویستە چەمکە ئەبستراکتەکان بە چەمکی کۆنکریتی دابڕێژرێت. پەیدابوونی ئەم میتافۆرە بەهۆی ئەوەوەیە، کە ئەزموونی فراوانی مرۆڤ لەگەڵ شتە فیزیکییەکان، بەتایبەت لەشی مرۆڤ خۆی، بنەمای ژمارەیەکی زۆری ئەم جۆرە میتافۆڕانەن. هەڵبەتە لەشی مرۆڤ نزیکترین ئەو ئۆرگانەیە، کە لە خودی خۆیەوە نزیکە، هەر بۆیە زیاتر ناوی ئەو ئۆرگانەی هێناوە و بەکاری بردووە بۆ وەسفکردن، یان دەرخستن لەو شتانەی ویستوویەتی باشتر تێیان بگات و لێیان وردبێتەوە. کەواتە ئەگەر بە مێژووی کۆنی مرۆڤدا بچینەوە، دەبینین لەشی مرۆڤ خۆی وەک مەودای سەرچاوە بەکارهاتووە بۆ وێناکردن و پتر چەمکاندنی بوارە ئەبستراکتەکانی ئامانج. (سالح، ٢٠٢٤: ١٥٤) بە گشتی میتافۆڕی بوونناسی بەسەر سێ جۆردا دابەش دەبێت:

١- میتافۆڕی بوونناسی (بوون و مادە)

لەم جۆرەدا لەگەڵ چەمکە ئەبستراکتەکان بەجۆرێک مامەڵە دەکرێت وەکو ئەوەی خاوەنی بوون و ماددەیەکی سەربەخۆبن. (مەقدید، ٢٠٢٣: ٨٩)

**یەکەم: هەڵبژاردن وەکو تەن (مادە):**

أ- ئەو هەڵبژاردنێکی قورسی پێدام.

ب- ئەم هەڵبژاردنە کۆتا بژاردەیە لەبەردەمتان.

٢- میتافۆڕی بوونناسی (دەفر/ کۆنتەینەر)

ئەم جۆرە میتافۆرە دەربارەی ئەم جۆرە چەمکە ئەبستراکانەن، کە بوونی ناوەکی و دەرەکییان نییە لە دونیای دەرەوەدا کەتوار، بە جۆرێک وێنای دەکات، کە هەڵگری قەبارە و بوونی سەربەخۆی تایبەت بەخۆیانن. (مەقدید، ٢٠٢٣: ٥٤) ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لە نموونەی گوتارەکانی هەڵبژاردن:

**دووەم: مێشک (عەقڵ) وەکو دەفر:**

أ- بیرۆکەیەکم لە مێشکدایە.

ب. پێویستە ڕاستییەکان بخەنە مێشکتانەوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم دوو نموونەیەی سەرەوەدا مێشک وێنای دەفرێکی بۆ کراوە، بەمەش لە زەینی جەماوەر یان گوێگر بۆ ماوەیەکی زیاتر دەمێنێتەوە و کاریگەریەکانی بەهێزتر دەبن.

٣- میتافۆڕی بوونناسی (بەکەسکردن/ مرۆڤاندن)

لەم جۆرەدا چەمکە ئەبستراکتەکان، هیچ تایبەتمەندییەکی مرۆڤیان تیادا بەدی ناکرێت، بەڵام شێوازی مامەڵەکردن و وێناکردنیان وەکو مرۆڤ لەگەڵ دەکرێت. ئەم تایبەتمەندییە وایکردووە چەندین دیاردەی ناپەیوەست بە جوڵە و چالاکی مرۆڤ لە ڕوانگەی چالاکییە مرۆییەکانەوە وێنا بکرێن و بخرێنە چوارچێوەی قالبی تایبەتمەندییە مرۆییەکانەوە. (جەواد، ٢٠٢١: ٥٤)

سێیەم: سیاسەت وەکو مرۆڤ:

أ. سیاسەت ئێمەی کوشت.

چوارەم: شێرپەنجە وەکو مرۆڤ:

أ. شێرپەنجە ئێمەی بە هەلاکەتدا.

### ٢-٢-٢-٣ میتافۆڕی ئاڕاستەیی (Orientational Metaphors)

بە بڕوای لاکۆف و جۆنسن میتافۆڕی ئاڕاستەیی ئەوەیە، کە واتاکان بەپێی ئاڕاستەی فیزیکی ئاماژە بە ئاڕاستەی شوێن دەکەن وەکو: (سەرەوە – خوارەوە – ناوەوە – دەرەوە -تەنک – ناوەندی – پێشەوە – دواوەوە – دوور – نزیک)، (Lakoff and Johnson, 1980: 14) لەم جۆرەیاندا ڕۆنانی چەمک نابێتە هۆی ڕۆنانی چەمکێکی دیکە، بەڵکو تەواوی چەمکەکان لە پەیوەندییەکی ڕێکخراودان لە سیستەمی چەمکیدا، کە وابەستەن بە ئاڕاستە فەزاییەکانەوە، چونکە زۆربەیان مامەڵەیان لەگەڵ ئاڕاستە فەزاییەکانە، هەریەک لەم چەمکە فەزاییانەی، کە لەسەرەوە خراونەتەڕوو، دەبنەهۆی چوارچێوەی داڕشتنی میتافۆڕی چەمکی ئەم بۆچوونەیان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە جەستەی مرۆڤ شوێنمەند و شوێنگرە و کردەوەی جەستە لەگەڵ دەرەوەیدا هەیە. (مەقدید، ٢٠٢٣: ٨٧)

١- هەرگیز کۆڵمەدە. (چەمکی سەرکەوتن/ ئاڕاستەی پێشەوە)

٢- لەشەرماندا توامەوە. (چەمکی ڕۆچوون/ ئاڕاستەی خوارەوە)

٣- خەموخەفەت قامەتی چەماندم. (چەمکی شکانەوە/ ئاڕاستەی خوارەوە)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە نموونەکانی سەرەوەدا، هەر یەکە لە وشەکانی (کۆڵنەدان، توانەوە، چەمانەوە) ئەو ئاراستە فەزاییانەن، کە تەرزی میتافۆری چەمکی لە چەشنی میتافۆری ئاراستەییان بەرهەمهێناوە، لە ڕێگەیانەوە و بە وردبوونەوە لە نموونەکانیان ئەوە دردەکرێت، بە واتای سیمانتیکی دەرنەبڕاون و بەکارنەهێنراون، بەڵکو هەڵگری واتای میتافۆرین. (ئەحمەد، ٢٠٢٢: ٥٠)

**٢-٢-٣ بنەماکانی میتافۆری چەمکی**

تێگەیشتن لە بنەماکانی میتافۆری چەمکی زۆر گرنگە بۆ بوارەکانی وەک: زمانەوانیی، زانستی و شیکردنەوەی گوتار، چونکە تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی پێکهاتەی بیرکردنەوەی زمان. هەروەها کاریگەری لەسەر بواری پەروەردە هەیە، کە تێیدا دەتوانرێت میتافۆر بەکاربهێنرێت بۆ باشترکردنی تێگەیشتن و چارەسەرکردنی کێشەکان. لەبەر ئەوەی میتافۆرە چەمکییەکان کاریگەریان لەسەر هەموو شتێک هەیە لە سیاسەتەوە تا زانست. یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی میتافۆری چەمکی سیستماتیکییە، ئەم سروشتی سیستماتیکییە ئەوە دەسەلمێنێت، کە میتافۆر هەڕەمەکی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی پێکهاتە مەعریفیەکانە، کە کاریگەری لەسەر شێوازەکانی بیرکردنەوە و بڕیاردان هەیە. بە واتای ئەوەی، میتافۆری چەمکی پرۆسەیەکی مەعریفییە، هەوڵی بنیادنانی کۆمەڵێک پەیوەندی سیستماتیکیانەیە لە نێوان دوو بواری چەمکیدا. (عباس، ٢٠٢٢، لا٨٣) بنەمایەکی دیکەی میتافۆری چەمکی ئەمەیە، کە لە ئەزموونە هەستییەکانی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدات، بۆ نموونە بەکارهێنانی دەبڕینی (سەرەوە) ئاماژەکردنە بە هەستە ئەرێنییەکان وەک: (هەستکردن بە بەرزی)، هەروەها بەکارهێنانی دەربڕینی (خوارەوە) بۆ هەستە نەرێنییەکان وەک: (هەستکردن بە نزمی). (Gibbs, 2006, p. 57)

هەروەها میتافۆری چەمکی بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە بیرکردنەوە و کرداری مرۆییەوە تەنها لەڕووی فۆڕمی زمانییەوە دەکرێ وەک بابەتێکی زمانی بیری لێبکرێتەوە. دەتوانرێ میتافۆڕکان لەسەر بنەمای لێکچوواندن ڕۆبنرێن، بەڵام لێکچوون لە زۆر باردا لەسەر بنەمای میتافۆرە سەرەتاییەکان دامەزراون، کە ئێمە بە کردەیی دەیانزانین و دەتوانین بیانناسینەوە. میتافۆری چەمکی بوارێکی فراوان لە بیرکردنەوە و چالاکییەکانی مرۆڤ دەگرێتەخۆی و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێنانەکایەوەی چەمکی نوێ و وێناکردنی لە چوارچێوەی فۆرمێکی زمانیدا، چونکە لە بنەڕەتدا تێگەیشتن و ئەزموونکردنی شتێکە و نواندنیەتی بە شتێکی دیکە. (مەقدید، ٢٠٢٣، لا٨٣-٨٤)

### ٢-٢-٤ میتافۆڕی چەمکی و بواری سەرچاوە و ئامانج

تێگەیشتن لە میتافۆڕی چەمکی لە ڕێگای بواری سەرچاوە (Source domain) و بواری ئامانج (Target domain) ڕوودەدات، واتە لە ڕێگای بواری سەرچاوە لە بواری ئامانج دەگەین. تێگەیشتن لەم پەیوەندیەی نێوان هەردوو بوارەکە، واتە تێگەیشتنە لە دەستەیەکی جێگیری هاوەڵامی چەمکی، کە پێیدەڵێن نەخشەکێشان لەنێو بواری سەرچاوە و ئامانج. (جمیل، ٢٠٢٢: ٥٠)

بەگشتی بواری ئامانج بوارێکی ئەبستراکتە، زانیارییەکانی ناو ئەم بوارە بەهۆی بواری سەرچاوەوە ڕووندەکرێنەوە، چونکە بواری سەرچاوە بەزۆری شتانێکی کۆنکریتی و بەرجەستە لەخۆ دەگرێ، کە تێگەیشتن لێیانەوە ئاسانترە بەراورد بە بواری ئامانج. هەر بۆیە ئەم پەیوەندییەی لەنێوان ئەم دوو بوارەدا هەیە بە کرۆکی میتافۆڕی چەمکی دادەنرێ ئەویش نەخشەسازییە (Mapping)، کە ئەرکی پراکتیزەکردنی تایبەتمەندییەکانی نێوان هەردوو بواری (ئامانج و سەرچاوە)یە (مەقدید، ٢٠٠٣: ٨٥)، بە چەشنێک وادەردەکەوێت کاری نەخشەی میتافۆڕەکان لە بواری سەرچاوەوە بەرەو بواری ئامانج دەچنرێن، وا دەکات بەهۆی بواری سەرچاوەوە تێگەیشتن لە ڕووبەر و پانتایی ئەزموونی مرۆڤ زۆر ئاسان بێت، بواری ئامانجیش دەبێتە ئەو چەمکەی، کە نووسەر یان قسەکەر هەوڵی ڕاڤەکردنی دەدات. (ئەحمەد، ٢٠٢٢: ٤٢) بۆ زیاتر ئاشنابوون، بڕوانە هێڵکاری ژمارە (١):




هێلکاری ژمارە (١) هێلکاری نێوان بواری سەرچاوە و ئامانج لە تیۆری میتافۆڕی چەمکییدا

بۆ نموونە لە میتافۆڕی چەمکی (تورەبوون گەرمییە)دا نەخشەکێشان بۆ تایبەتمەندییەکانی هەردوو بوارەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| بواری سەرچاوە (گەرمی) | نەخشەکێشان | بواری ئامانج (تورەبوون) |
|---|---|---|
| شلەی گەرمی | ← | حاڵەتی هەڵچوون (هۆرمۆنی تورەیی) |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| دەفر (کە شلەی گەرمی تێدەکرێت | ⟵ | جەستە (کە تووڕەییەکی تێدایە) |
| کوڵان بەجۆرێک لەسەر بڕژێت (هەڵچوون) | ⟵ | تووڕەییەکی زۆر، کە مرۆڤ خۆی پێ نەگیرێت |
| ڕێگریکردن لە کوڵان | ⟵ | ڕێگریکردن لە هەڵچوون |
| گەرمییەکی ئاسایی (شلەتێن) | ⟵ | دەروون دروستی |
| ساردبوونەوە | ⟵ | هێوربوونەوە |

خشتەی ژمارە (١) نەخشەکێشانی میتافۆڕی چەمکیی (تووڕە بوون گەرمییە)

ئەم میتافۆڕە چەمکییە لە میتافۆڕی زمانی بەم شێوەیەی خوارەوە دەنوێنرێت:

أ. خەریکە لە تووڕەییا دەکوڵێم.

ب. ساردبوومەوە (هێوربوومەوە)

کاتێک سەیری ئەم دوو نموونەی سەرەوە دەکەین دەبینین، کە دوو میتافۆڕی زمانین و لەسەر بنەمای یەک میتافۆڕی چەمکی بنیادنراون؛ ئەویش بە وەرگرتنی تایبەتمەندییەکانی (کوڵدن) و (ساردبوونەوە)ی بواری سەرچاوەی (گەرمی) بۆ بواری ئامانج (تووڕەبوون). (باپیر – خالد، ٢٠٢٣: ٦٢٤-٦٢٥)

## ٣- بەشی سێیەم: میتافۆڕی چەمکی و گوتارەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن

### ٣-١ گوتاری سیاسی و ڕازیکردن

#### ٣-١-١ گوتاری سیاسی

گوتاری سیاسی ئامرازێکە، کە بیر و بۆچوون و ئایدیۆلۆژیا و ستراتیژییەکانی پارتە سیاسییەکان و سەرکردەکانیان دەگوازێتەوە بۆ خەڵک. ئەم جۆرە گوتارە بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری هەیە لەسەر ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بەرەو گۆڕانکارییەکان. گوتاری سیاسی وەکو بوارێکی بەرفراوان، تایبەتە بەو بابەتانەی، کە لە کۆڕبەندە سیاسییەکاندا بەڕێوەدەچن، لەوانەش: گفتوگۆی سیاسی و کۆڕوکۆبوونەوە سیاسیەکان، ئەم بابەتانە تێکڕا وەکو دیاردەیەکی بەردەوام لە نێو کۆمەڵانەی خەڵکدا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە. (عەلی، ٢٠١٩: ٣٧)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گوتاری سیاسی گوتارێکی تایبەتە، بۆ مەبەست و ڕاپەڕاندنی ئامانجێکی سیاسی دەنووسرێت. ئەرکی زمان لە کردەی پەیوەندیکردنی سیاسیدا بریتییە لە (گەیاندنی زانیاری، هاندان، ئاڕاستەکردن، ئارامکردنەوە، دروستکردنی ڕووداو، گفتوگۆ و دانوستاندن، ...) (توفیق – مستەفا، ٢٠٢١: ١٤) بۆیە دەبینین گوتاری سیاسی لە گوتارەکانی دیکە جیاوازە، نەک لەلایەن پێکهاتەی زمانەوە، یان شێوازەوە، بەڵکو جیاوازییەکە لە زمانی لەیەکگەیشتنە. زمانی سیاسی هەر چەندە بۆ لەیەکگەیشتنە (تواصل) و ڕوونە و ڕاستەوخۆیە، هەوڵی تێگەیاندن و بڕواپێکردن دەدات، بەڵام پێویستی بە لێکدانەوەیە بۆ ئەوەی دەلالەتەکانی گوتاری سیاسی دەربخات تاکو کاریگەری زۆرتر بکاتە سەر وەرگر. (شەریف، ٢٠٢٢: ٦٦)

**٣-١-٢ تایبەتمەندییەکانی گوتاری سیاسی**

گوتاری سیاسی چەمکێکی فرە ڕەهەند و تایبەتمەندیی جیاواز دەگرێتەخۆ. شێوازێکی تایبەتی قسەکردن و نووسینە، کە تیایدا کەسانی سیاسی بۆ گەیاندنی بیروڕا، بەرژەوەندی و مەبەستە سیاسییەکانیان کەڵکی لێ وەردەگرن. ئاشکرایە هەرجۆرێک لە جۆرەکانی گوتار تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەم جۆرە گوتارەش ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە دەگرێتەخۆ:

١- گوتاری سیاسی، یەکێکە لە باوترین و بڵاوترین جۆرەکانی گوتاری سەردەم و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی کۆمەڵگە هەیە، زۆرترین وەرگری هەیە، چونکە ئاڕاستەی سەرجەم چین و توێژەکان دەکرێت، هەندێکجار دەبێتە گوتارێکی جیهانی. (یونس، ٢٠٢٠: ٤٤)

٢- بەشێوەیەکی گشتی، گوتاری سیاسی پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی لێڵی زمانی، بەتایبەتی لێڵی واتایی، گوتاری سیاسی لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشە و دەبڕینی نادیار و فرەواتاوە، لێڵی دەهێنێتە ئاراوە، تا جۆرێک لە دبلۆماسیەت بداتە گوتارەکەی، چونکە لێڵی واتایی بوارێکی باش بۆ پاشگەزبوونەوە و پێداگیری لە ئایندەدا دەڕەخسێنێت. (کەمال، ٢٠٠٩: ٢٥)

٣- گوتاری سیاسی، گوتاری بەڵگەیە لەڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە. چونکە پەیوەستە بە سیاسەتەوە، کە ناوەڕۆک و بیرۆکە و کێشە گرنگەکانی لێوەردەگرێت. ئەو چەمک و گوزارشت و مانایانە هەڵدەگرێت، کە وادەکات ڕازیکەر بێت بەهێزتربێت لەسەر وەرگر، تا ئەو بیرۆکانە لە گوتارێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەواودا داڕێژێت و بیخاتە ناو قالبی زمانەوانی و شـــێوازێکی داڕێژراوەوە تا بیرۆکەکان بەهێزتر و کاریگەرتربن. (خضر، ٢٠٢٠: ١١٨)

٤- گوتاری سیاسـی بە مەبەسـتی بەدیهێنانی سـتراتیجییەتی نێرەرە: بۆ گەیشـتن بەم ئامانجە، نێرەر پەنا دەباتە بەر ئەو میتافۆرە دەربڕینە زمانیانەی، کە لە ژینگەی کەلتوری و دەوروبەری واقیعی ژیانی وەرگرەوە نزیکە، چونکە وەرگران ســـەر بە گروپی کۆمەڵایەتی دیـاریکراون، ئەمەش وادەکـات لە ڕەوشتی گشتی لە نێو هەمان کۆمەڵدا هاوبەشبن. (حەسەن، ٢٠٢٢: ٦٤)

٥- یـارمەتی بەرگری لەو بڕیـارانە دەدات، کە لایەنێـک دەیـدات، کە ڕەنگە ڕووبەڕووی ڕەخنەی ئەو کەسانە ببێتەوە، کە ئەم بڕیارانەیان بە ئامانج گرتووە.

٦- ئاماژە بۆ بابەتە گشتییەکان، کە پەیوەندییان بە کاروباری گشتییەوە هەیە. (شەریف، ٢٠٢٢: ٦٨)

### ٣-١-٣ چەمکی ڕازیکردن (Persuasion)

ڕازیکردن لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پرۆسەیەکی گرنگی هونەرییە تیایدا کەسێک یان لایەنێک هەوڵدەدات بۆچوون و هەڵوێســـت یان ڕەفتاری کەســـێک یان کۆمەڵێک کەس بگۆڕێت. ڕازیکردن بە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی زمان دادەنرێت و پرۆســـەیەکە، کە قســـەکەر یاخود گوتاربێژ لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی پەیامێکەوە ئاڕاستەی گوێگری دەکات. لە هێزی ڕاکێشـاندا ئاخێوەر بۆ ئەوەی بتوانێت ســـەرنجی بەرامبەر ڕابکێشـــێت و کاریگەری لەســـەر دروســـتبکات، پێویســـتی بە شـــارەزایی و لێهاتووییەکی باش هەیە لە هەڵبژاردنی ئاوازەی دەنگ و وشە و ڕستە و دەوروبەر و زمانی جەستە و ناو و نازناو...هتد. بۆ ئەوەی بتوانێت سەرکەوتنی کردەکە بباتە ئاستێکی باڵاوە، بێگومان لە ئاخاوتنی ڕۆژانە و گوتارە سیاسیەکاندا، ئاخێوەر بۆ مەبەستێک سەرنجی بەرانبەر و جەماوەر ڕادەکێشێت ئەو مەبەســـتەش بریتییە لە ڕازیکردن، ڕازیکردنیش پێویســـتی بە کۆمەڵێک ڕێو شـــوێنی گونجاو و لەبار هەیە، بۆ ئەوەی پرۆسەکە سەرکەوتن بە دەستبهێنێت. (عمر، ٢٠٢٢: ٨٣)

### ٣-١-٤ ڕازیکردن لە گوتاری سیاسیدا

بریتییە لەو هەوڵ و کردەوانەی سـیاسـەتمەداران و بڕیاربەدەسـتان پەنای بۆ دەبەن بۆ ئەوەی خەڵک بۆچوونەکانیان قبوڵ بکات. ئەم پرۆســـەیە لەســـەر بنەمای بەکارهێنانی زمانێکی کاریگەر و بەهێز

دامەزراوە، کە بتوانێت هەست و سۆزی جەماوەر بوروژێنێت و ئەوان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. سیاسەتمەداران لە میانەی گوتارە سیاسییەکانیاندا، پەنا بۆ چەندین تەکنیک دەبەن وەک: بەکارهێنانی وێنەی مێژوویی، بەڵگە هێنانەوە، درووستکردنی هەستی یەکبوون و هاوپەیوەندی، و هەستی نیشتمانپەروەری بۆ ئەوەی بتوانن جەماوەر ڕازی بکەن. بەپێی بەرنامە و پلانێکی پێشوەختە جێبەجێ دەکرێت، ڕازیبوون وەک میتۆدێک دێت و هەوڵدەدات هەڵسوکەوتی کەسانی دیکە بگۆڕێت، بۆیە ڕۆڵی دەوروبەرێکی کاریگەر دەبینێت. بەوەی، کە گرفتوکەموکورییەکانی وەرگر و جەماوەر چارەسەر بکات و قەناعەتیان پێ بهێنێت، چونکە ڕازیبوون کاتێک زیاد دەبێت، کە جەماوەر هەست بکات پرۆسەکە ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، کە لە پێشوتر هەیانە، وەک لە بانگەشە ئامانجدارەکانی هەڵبژاردندا، کە ئامانجی گەیشتن بە ڕوئیایەکی دیاریکراوە بۆ وەرگر و جەماوەر. (عمر، ٢٠٢٤: ٢٢)

## ٣-٢ میتافۆڕی چەمکی و شیکاری گوتارەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن

لە چوارچێوەی تیۆری میتافۆڕی چەمکییەوە، تیشک خراوەتە سەر، نموونە میتافۆڕییە چەمکییەکان لە گوتارەکانی بانگەشەی هەڵبژاردندا، کە لەلایەن سەرکردەی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەشکراون. ئەم شیکردنەوەیە سێ گوتار لە گوتارەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنی لەخۆگرتووە، کە هەریەک لە گوتارەکان بەپێی جۆری میتافۆڕە چەمکییەکە شیکراوەتەوە، کە شیکردنەوەی نموونەی هەر گوتارێک تایبەت کراوە بە جۆرێکی میتافۆڕی چەمکی.

### ٣-٢-١ میتافۆڕی پێکهاتەیی و گوتاری مەسعود بارزانی (هەولێر - ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤)

ئەم جۆرە میتافۆڕانە چوارچێوەیەکی مەعریفی دروستدەکەن، کە تێڕوانینی دەنگدەران بۆ کاندیدەکان و سیاسەتەکانیان شێوە دەدەن. ئەم گوتارەی لەلایەن (مسعود بارزانی)، لە شاری هەولێر پێشکەشکراوە، تیایدا چەند میتافۆڕێکی پێکهاتەیی لە نێو ئەم گوتارەدا بەدیدەکرێت، بەڵام لێرەدا تەنها شیکردنەوە بۆ دوو نموونەی میتافۆڕی پێکهاتەیی کراوە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

یەکەم: دیموکراسی بنیادنانە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

أ.   یەکەمین کاری پەرلەمانی داهاتوو نوسینی دەستورە، هەموارکردنەوەی هەندێ یاسایە.

ب.  بنیادنانی ژێرخانێکی بەهێز بۆ هەرێمی کوردستان.

میتافۆڕی چەمکی (دیموکراسی بنیادنانە) لە جۆری میتافۆڕی پێکهاتەییە. ئەم جۆرە میتافۆڕە لە چەمکێکی ئەبستراکتی وەک (دیموکراسی) لە ڕێگەی چەمکێکی کۆنکریتی وەک (بنیادنان/ بیناسازی) سازکراوە. کاتێک دیموکراسی بە بنیادنان وێنا دەکرێت، تەواوی پێکهاتە و پرۆسەی بیناسازی بۆ دیموکراسی دەگوازرێتەوە. ئەم میتافۆڕە چەمکییە دیموکراسی وەک پرۆسەی بنیادنانی بینایەک وێنا دەکات، وەک چۆن بینا پێویستی بە بناغەیەکی پتەو هەیە، دیموکراسیش پێویستی بە بنەمای یاسایی، دەستووری، بەهای بنەڕەتی هەیە. لەهەمان کاتدا بنیادنانی بینا کاری یەک کەس نییە، دیموکراسیش پێویستی بە بەشداری کۆمەڵگەیە نەک تەنها کەسانێکی دیاریکراو. جا بۆیە گەر سەیری نەخشەسازی میتافۆڕی چەمکی (دیموکراسی بنیادنانە) بکەین، تایبەتمەندییەکانی بواری سەرچاوە، بۆ بواری ئامانج بە شێوەیەکی سیستەماتیک گواستراوەتەوە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:




هێلکاری ژمارە (٢): نەخشەسازی میتافۆڕی چەمکی (دیموکراسی بنیادنانە)

لەم هێلکارییەی سەرەوەدا، ئەمەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە پرۆسەی نەخشەسازی لەنێوان بواری سەرچاوە، کە (بینادنانە) و بواری ئامانج، کە (دیموکراسی)ـیە، میتافۆڕی چەمکی (دیموکراسی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بنیادنانە) بەرهەمهێناوە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو زانیاری و تایبەتێتیانەی، کە لە بواری سەرچاوەوە گوازراونەتەوە بۆ بواری ئامانج.

دووەم: سیاسەت جەنگە:

أ. پارتی دەشکێنن.

ب. خۆیان ڕووخاند.

ج. ویستیان قەوارەی هەرێم نەهێڵن و تێکی بدەن.

ئەم میتافۆرە چەمکییە سەر بە جۆری (میتافۆری پێکهاتەییە)، لەم جۆرە میتافۆرەدا چەمکێکی ئاڵۆزی وەک (سیاسەت) بە ڕێگەی چەمکێکی بەرجەستە و ئاشنای وەک (جەنگ) سازکراوە. لەم جۆرە میتافۆرەدا، سیستەمی چەمکی جەنگ بە تەواوەتی دەگوازرێتەوە بۆ سیستەمی چەمکی سیاسەت و پەیکەربەندی دەکات، بەوەی هەموو ئەو پێکهاتە و پەیوەندییە چەمکییانەی لە جەنگدا هەن بە شێوەیەکی سیستەماتیک دەگوازرێنەوە بۆ سیاسەت و چۆنێتی تێگەیشتنمان لە کردارە سیاسییە ئاڵۆزەکان ئاسانتر دەکات. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە میتافۆری چەمکی (سیاسەت جەنگە)، لە ڕێگەی هەردوو بواری سەرچاوە و ئامانج بەرهەم هاتووە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٢):

| بواری سەرچاوە (جەنگ) | نەخشەکێشان | بواری ئامانج (سیاسەت) |
|---|---|---|
| شکاندن | ← | هێزی سیاسی تێکشکاندن (پارتی دەشکێنن) |
| ڕووخان | ← | لەناوچوونی سیاسی (خۆیان ڕووخاند) |
| تێکدان | ← | هەوڵدان بۆ لەناوبردنی دامەزراوە سیاسییەکان (ویستیان قەوارەی هەرێم نەهێڵن و تێکی بدەن) |
| ستراتیژی جەنگی | ← | پلان و ستراتیژی سیاسی |
| هێرش | ← | بڕیار و هەڵوێستی دژ بە لایەنی بەرامبەر |
| بەرگری | ← | پاراستنی پێگەی سیاسی |
| بردنەوە/ دۆڕان لە کێبڕکێی سیاسی | ← | بردنەوە/دۆڕان لە کێبڕکێی سیاسی |

خشتەی ژمارە (٢) نەخشەکێشانی میتافۆری چەمکی (سیاسەت جەنگە)

ئەم پرۆسە نەخشەسازیەی میتافۆری چەمکی (سیاسەت جەنگە)، بنەمای تێگەیشتنی میتافۆرەکەیە و دروستکردنی تۆڕێکی بەیەکەوەبەستراوە لە پەیوەندییەکان لە نێوان هەردوو بوارەکەدا. لەم نەخشەسازییەدا، تایبەتمەندییە فیزیکییەکانی جەنگ وەک شکاندن، ڕووخان و تێکدان، دەگوازرێنەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ دۆخە ئەبستراکتەکانی سیاسەت. بۆ نموونە، شکاندنی دوژمن لە جەنگدا بووە بە شکاندنی پارتی سیاسی، ڕووخاندنی شوێنەکان بووە بە لەناوچوونی هێزی سیاسی و تێکدانی ژێرخان بووە بە هەوڵدان بۆ نەهێشتنی قەوارەی هەرێم. هەروەها، لۆجیکی جەنگیش گوازراوەتەوە، بەجۆرێک کە ستراتیژییەکانی جەنگ، پلانەکانی هێرش و بەرگری، و ئامانجی سەرکەوتن بەسەر دوژمندا، بوونەتە چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن لە ستراتیژی سیاسی، هەڵوێستە سیاسییەکان و ئامانجی بردنەوە لە کێبڕکێی سیاسیدا. ئەم گواستنەوەیە سروشتی هاوبەشی نێوان سیاسەت و جەنگ دیاری دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕوانینێکی تایبەت بۆ سیاسەت دروستدەکات، کە تێیدا سیاسەت وەک ململانێیەک دەبینرێت، نەک وەک پرۆسەیەکی هاوکاری. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە میتافۆرە چەمکییەکان چۆن کاریگەرییان لەسەر بۆچوونمان بۆ دیاردە ئەبستراکتەکان هەیە و چۆن دەتوانن تێگەیشتنمان بشێوێنن یان بگۆڕن.

### ٣-٢-٢ میتافۆڕی ئۆنتۆلۆجی و گوتاری بافڵ تاڵەبانی (هەولێر - ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤)

لە دیمەنی سیاسیدا، زمان تەنها ئامرازێک نییە بۆ گەیاندنی پەیام، بەڵکو هێزێکی داهێنەرە، کە دەتوانێت کەتواری کۆمەڵایەتی و سیاسی بنیاد بنێت، بگۆڕێت و بکات بە چەک. میتافۆڕی چەمکی (ئۆنتۆلۆجی) یەکێکە لە گرنگترین میکانیزمە زمانییەکان، کە لە گوتاری بانگەشەی هەڵبژاردندا بەکاردێت بۆ دروستکردنی چوارچێوەی بیرۆکەکان، دیاردەکان و پرسە ئاڵۆزەکان لە شێوەیەکی بەرجەستەکراو و ئاسانتر بۆ تێگەیشتن. بەکارهێنانی میتافۆڕی چەمکی (ئۆنتۆلۆجی) لە گوتاری بانگەشەی هەڵبژاردنی (بافڵ تاڵەبانی) لە شاری هەولێر، بە چەندین شێوە دەرکەوتووە، کە لێرەدا بۆ هەر جۆرێکی میتافۆڕی ئۆنتۆلۆجی تەنها یەک نموونە شیکراوەتەوە:

١- میتافۆڕی بوونناسی (بوون و ماددە)

یەکەم: کوردایەتی وەک بوونەوەرێک:

أ. کوردایەتی زیندوو دەکەینەوە.

لەم میتافۆرە چەمکییەدا، چەمکی ئەبستراکتی کوردایەتی، واتە (هەستی نەتەوایەتی یان ناسنامەی کوردی) وەک بوونەوەرێکی زیندوو نیشاندراوە، کە دەتوانێت بمرێت و زیندوو بکرێتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتێک (بافڵ تاڵەبانی) دەڵێت: (کوردایەتی زیندوو دەکەینەوە.) واتە ناسنامەی نەتەوایەتی کورد لە مەترسیدایە یان لاواز بووە، بەڵام ئەوان دەتوانن هێزی پێ ببەخشنەوە. ئەمە ستراتیژێکی بەهێزی ڕەوانبێژییە، چونکە هەستی بەرپرسیارێتی و پێویستیی کاری بەپەلە دروستدەکات. هەروەها ئەم میتافۆرە چەمکییە پەیوەندییەکی قووڵی سۆزداری دروستدەکات لە نێوان دەنگدەران و چەمکی کوردایەتیدا. میتافۆڕی چەمکی بوونناسی (بوون و مادده)، لەم هێڵکارییەی خوارەوە زیاتر ڕوون کراوەتەوە:




هێڵکاری ژمارە (٣) نەخشەسازیی میتافۆڕی چەمکی (کوردایەتی زیندوو دەکەینەوە)

لەم نەخشەسازییەدا، تایبەتمەندییەکانی بواری سەرچاوە (بوونەوەری زیندوو) بۆ بواری ئامانج (کوردایەتی) گواستراوەتەوە. یەکەیەکی ئەبستراکتی وەک ناسنامەی نەتەوەیی تایبەتمەندی بوونەوەرێکی بەرهەستی وەرگرتووە. کاتێک (بافڵ تاڵەبانی) ڕستەی (کوردایەتی زیندوو دەکەینەوە.) بەکاردەهێنێت، مێشکی جەماوەر و دەنگدەران بەجۆرێک ئاڕاستەدەکات، کە بە شێوەیەکی خۆکار پەیوەندی نێوان (ژیان/ مردن) و (بەهێزبوون/ لاوازبوونی ناسنامە) بەیەکەوە دەبەستنەوە. هەروەها چەمکی چارەسەر و دەرمان بۆ چەمکی کار و چالاکی نەتەوەیی، و هەستی بەرپرسیارێتی بۆ پاراستنی گیان بۆ بەرپرسیارێتی پاراستنی ناسنامە گواستراوەتەوە. ئەم نەخشەسازییە توانای مرۆڤ دەدات پەیوەندییەکی سۆزداری قووڵ لەگەڵ چەمکی ئەبستراکتی کوردایەتیدا دروست بکات،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەک ئەو پەیوەندیە سۆزدارییەی، کە لەگەڵ بوونەوەرێکی زیندوودا هەیەتی. ئەمەش بەهێزترین لایەنی ئەم میتافۆڕە چەمکییە، چونکە هەستی فریاکەوتن و پێویستی کاری بەپەلە دروستدەکات، وەک ئەوەی بوونەوەرێک لە مەترسی مردندا بێت و پێویستی بە ڕزگارکردن هەبێت.

٢- میتافۆڕی بووناسی (دەفر/ کۆنتەینەر)

دووەم: لەناو حوکمەت:

أ. ئەم ناعەدالیەتەی، کە هەیە لەناو ئەو حکومەتە.

میتافۆڕی چەمکی (دەفر/کۆنتەینەر) یەکێکە لە بنەڕەتیترین میتافۆڕە ئۆنتۆلۆژییەکان، کە مرۆڤەکان بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتە ئەبستراکتەکان بەکاری دەهێنن. لەم میتافۆڕە چەمکییەدا، بواری سەرچاوە ئەزموونی جەستەیی و فیزیکییمانە لەگەڵ دەفر و کۆنتەینەرەکان، ئەو شتانەی، کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاری دەهێنین بۆ هەڵگرتن، پاراستن، یان کۆکردنەوەی شتەکان، کە تایبەتمەندی ڕوونیان هەیە لە ڕووی ئەوەی، کە شتەکانیان لە ناوەوەیە، یاخود سنوورێکیان هەیە و دەتوانن پڕبن یان بەتاڵبن. ئەم تایبەتمەندییانەی بواری سەرچاوەیە بۆ بواری ئامانج گوازراوەتەوە، کە دامەزراوە سیاسییەکانە، بە تایبەتی حکومەت وەک سیستەمێکی ئیداری و سیاسی، کە لەم حاڵەتەدا وەک دەفرێک وێنا دەکرێت کە (ناعەدالەتی)ـی تێدایە. ئەم گواستنەوە چەمکییە واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە ناعەدالەتی نەک تەنها لە ناو ئەم سیستەمەدا هەیە، بەڵکو وەک مادەیەکی بێزارکەر یان زیانبەخش بەشێکی جیانەکراوەی پێکهاتەی ئەو حکومەتەیە. ئەم جۆرە میتافۆڕە چەمکییە هێزێکی ڕەوانبێژی زۆری هەیە لە گوتاری سیاسیدا، چونکە ڕێگە بە قسەکەر دەدات، کە حکومەت بە شێوەیەکی ساکار و بەرچاو پێناسە بکات، بەجۆرێک گوێگر بتوانێت بە ئاسانی لەگەڵیدا پەیوەندی دروستبکات و هەست بە قووڵی و گرنگی مەسەلەکە بکات، لە کاتێکدا وێنەیەکی ڕوون و هەستپێکراو لە کێشەکان دروست دەکات. لەم بارەیەوە لە هێڵکاری ژمارە (٤) ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ ئەم میتافۆڕە چەمکییە کراوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




هێڵکاری ژمارە (٤) نەخشەسازیی میتافۆڕی چەمکی (لەناو حکومەت)

٣- میتافۆڕی بوونناسی (بەکەسکردن/ مرۆڤاندن)

سێیەم: یەکێتی وەک کەسێک:

أ. ئەو یەکێتییەی، کە دوژمنەکانی کوردستان، ئی هەر چوار پارچە لێی تۆقیون.

ب. یەکێتیمان یەکخستەوە، یەکێتیمان بەقوەت کردەوە.

لەم میتافۆڕە چەمکییە تێیدا پارتی یەکێتی وەک بوونەوەرێکی زیندوو، مرۆڤێک یان کەسایەتییەکی هەستپێکراو نیشاندراوە. ئەم جۆرە میتافۆڕە چەمکییە یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەک، کە دەنگدەران هەست بە نزیکایەتی بکەن لەگەڵ پارتەکەدا. کاتێک دەوترێت (ئەو یەکێتییەی، کە دوژمنەکانی کوردستان، ئی هەر چوار پارچە لێی تۆقیون.)، لێرەدا یەکێتی وەک پاڵەوانێک شێوەکراوە، کە هێزی تۆقاندنی دوژمنانی هەیە، ئەمەش وادەکات لای هەواداران وەک پارێزەرێک و بەرگریکارێک دەربکەوێت. هەروەها کاتێک دەوترێت (یەکێتیمان یەکخستەوە، یەکێتیمان بەقوەت کردەوە.)، لێرەدا حیزب وەک کەسێک دەردەکەوێت، کە پێویستی بە چاودێری و پشتیوانی هەیە. هەروەها سووربوون لەسەر یەکڕیزی ناوخۆیی حیزب دەردەخات و پەیامێکی گرنگ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ دەنگدەران دەنێرێت، کە حیزبەکە کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەر کردووە و ئامادەیە بۆ خزمەتکردن.

**٣-٢-٣ میتافۆڕی ئاڕاستەیی و گوتاری عەلی باپیر (ڕانیە - ١٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤)**

لە گوتاری بانگەشەی هەڵبژاردندا، میتافۆڕی ئاڕاستەیی ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت. سیاسەتمەداران بەشێوەیەکی بەردەوام ئەم جۆرە میتافۆڕانە بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی هەستی جووڵە و پێشکەوتن لای دەنگدەران دروستبکەن. ئەم میتافۆڕانە هێزێکی قووڵیان هەیە، چونکە مێشکی مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی بۆ بیرکردنەوە لە ئاڕاستە و جووڵە پەرەی سەندووە. کاتێک گوتاربێژ باس لە بردنە پێشەوەی وڵات دەکات، لە ڕاستیدا چوارچێوەیەکی زەینی دروستدەکات، کە تێیدا گەشەکردن و پێشکەوتن بە ئاڕاستەی پێشەوە پەیوەست دەکرێت، لە کاتێکدا گەڕانەوە بۆ دواوە وەک پاشەکشە و شکست پیشان دەدرێت. لە گوتارەکەی (عەلی باپیر) لە شاری ڕانیە، کۆمەڵێک میتافۆڕی ئاڕاستەیی بەکارهێنراوە، کە شایانی تێڕامان و سەرنجدانن، لێرەدا تەنها دوو نموونەی میتافۆڕی ئاڕاستەیی شیکراوەتەوە:

**یەکەم: میتافۆڕی ناوەوە/ دەرەوە**

أ. لە نێو خەڵکداین. (تێکەڵبوون و نزیکی لە خەڵک.)

ب. دەرگای خێری لێمان کردیتەوە. (ئاماژە بە کرانەوەی دەرفەت و نەمانی بەربەست دەکات.)

میتافۆڕی چەمکی ئاڕاستەیی یەکێکە لە گرنگترین جۆرەکانی میتافۆڕی چەمکی، کە لەسەر بنەمای ئەزموونمان لە شوێن و ئاڕاستە لە ژیانی ڕۆژانەدا دروست بووە. لەم دوو نموونەی، کە لە قسەکانی (عەلی باپیر)دا هاتووە، دەبینین چۆن میتافۆڕی (ناوەوە/ دەرەوە) بەکارهاتووە، بۆ ئەوەی باس لە حاڵەتی کۆمەڵایەتی و دەرفەتەکان بکات. کاتێک دەڵێت: (لە نێو خەڵکداین.)، (عەلی باپیر) پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەک شوێنێک دەبینێت، کە مرۆڤ دەتوانێت لە ناویدا بێت یان نەبێت. ئەمە ئەو جوڵەیە نیشان دەدات، کە لە دابڕان و تەنیاییەوە دەچێتە نێو کۆمەڵگە و یەکدەگرێتەوە لەگەڵ خەڵکی. هەروەها لە دەبڕینی (دەرگای خێری لێمان کردیتەوە.)دا، دەرفەت وەک شوێنێکی داخراو چاودێری کراوە، کە دەرگایەکی لەپێشیدابووە، بەڵام ئێستا کراوەتەوە. ئەم میتافۆڕەش ئەمە دەردەخات، کە لە بێ دەرفەتی و بەربەستەوە دەچێتە ئامادەبوونی دەرفەت و ئازادی. ئەم شێوازە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میتافۆڕە چەمکییە لە قسەی سیاسیدا زۆر کاریگەرە، چونکە لەسەر ئەو شتانە دامەزراوە، کە ڕۆژانە پێی دەژین و بە ئاسانی تێیان دەگەین، بۆیە یارمەتیمان دەدات تا بابەتە ئاڵۆزەکانی سیاسەت و کۆمەڵگە بە شێوەیەکی سادە و ڕوون تێبگەین.

**دووەم: میتافۆڕی خولانەوە/ سووڕانەوە**

أ. لە سوڕگەی خەڵک و میللەتدا بخولێتەوە. (تەرکیزکردن لەسەر خەڵک و خزمەتکردنیان.)

ب. لە سوڕگەی بەرژەوەندییە حیزبی و تایبەتییەکاندا دەخولێتەوە. (تەرکیزکردن لەسەر بەرژەوەندی تایبەت.)

میتافۆڕی چەمکی (خولانەوە/ سووڕانەوە) لەسەر بنەمای ئەزموونی جەستەیی مرۆڤ لەگەڵ جوڵەی بازنەیی و خولانەوە دامەزراوە. بەپێی تیۆری لاکۆف و جۆنسن، ئەم میتافۆڕە چەمکییە چالاکی سیاسی و بەڕێوەبردن وەک جۆرێک لە خولانەوە لە دەوری ناوەندێک دەبینێت. لە یەکەم دەربڕیندا (لە سوڕگەی خەڵک و میللەتدا بخولێتەوە.)، خەڵک و میللەت وەک ناوەندی ڕاکێشان و خاڵی سەرەکی چالاکی سیاسی دەردەکەوێت، کە سیاسەتمەدار دەبێت بە دەوریدا بسووڕێتەوە و لێی دوور نەکەوێتەوە. ئەم میتافۆڕە چەمکییە ئەو جوڵە ئاڕاستەییە دەردەخات، کە لە سەرنجدان لەسەر خۆی دەچێتە سەر ڕووکردنە خەڵک و پێداویستییەکانیان. لە بەرامبەردا، لە دووەم دەربڕیندا (لە سوڕگەی بەرژەوەندییە حیزبی و تایبەتییەکاندا دەخولێتەوە.)، بەرژەوەندییە تایبەتەکان وەک ناوەندێکی جیاواز نیشان دراون، کە سیاسەتمەدار لە دەوریدا دەسووڕێتەوە. ئەمەش ئەو هەڵگەڕانەوەیە دەردەخات، کە لە خزمەتی گشتییەوە دەچێتە خزمەتی بەرژەوەندی تایبەت. ئەم دوو نواندنە زمانییە ئاڕاستەی فەزاییان پێچەوانەی یەکترە و جیاوازن، کە دوو جۆر ڕەفتاری سیاسی نیشان دەدەن: یەکێکیان، کە بە دەوری بەرژەوەندی گشتیدا دەسووڕێتەوە و یەکێکی دیکە بە دەوری بەرژەوەندی تایبەتدا دەخولێتەوە.

## ئەنجامی توێژینەوە

لە میانەی شیکردنەوە و خستنەڕووی گوتارەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بە چەند ئەنجامێک گەیشتووین، گرنگترینیان ئەمانەن:

١- میتافۆڕی چەمکی وەکو دیاردەیەکی زمانەوانی، زیاتر لە ئامرازێکی ڕەوانبێژی و ڕازاندنەوەیە؛ بەڵکو سیستەمێکی بنەڕەتییە لە بیرکردنەوە و تێگەیشتنی مرۆڤدا، بەتایبەتی لە گوتاری سیاسیدا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت.

٢- لە گوتارەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، هەر سێ جۆری سەرەکی میتافۆڕی چەمکی (پێکهاتەیی، ئاڕاستەیی، بوونناسی) بەشێوەیەکی سیستەماتیک و ستراتیژیانە بەکارهاتوون، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. لە گوتاری (مسعود بارزانی) میتافۆڕی چەمکی پێکهاتەیی بەکارهاتووە، وەک: (دیموکراسی بنیادنانە، سیاسەت جەنگە، دەنگدان چەکە، ... هتد).

ب. لە گوتاری (بافڵ تاڵەبانی) میتافۆڕی چەمکی ئۆنتۆلۆجی بەکارهاتووە، وەک: (میتافۆڕی بوون و ماددە: گەندەڵی وەک شتێک بۆ لەناوبردن، میتافۆڕی دەفر/ کۆنتەینەر: لەناو حکومەت، میتافۆڕی بەکەسکردن: ئەو یەکێتییەی زیندوو بۆتەوە.

ج. لە گوتاری (عەلی باپیر) میتافۆڕی چەمکی ئاڕاستەیی بەکارهاتووە، وەک: (میتافۆڕی سەرەوە/ خوارەوە، میتافۆڕی ناوەوە/ دەرەوە، ...هتد.)

٣- میتافۆڕی چەمکی لە گوتاری بانگەشەی هەڵبژاردندا پێگەیەکی سەرەکی هەیە لە دروستکردنی کەش و سۆزی سیاسی، بەستنەوەی سیاسەتمەدار بە جەماوەرەوە، هەروەها سادەکردنەوەی بابەتە ئاڵۆزەکان بۆ دەنگدەران.

٤- میتافۆڕی چەمکی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گۆڕانی واتایی زماندا و بەردەوام دەوڵەمەندی دەکات بە واتای نوێ، بەتایبەتی لە بواری سیاسیدا.

٥ - زمانی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتی لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، پشت بە میتافۆڕی چەمکی دەبەستێت بۆ دروستکردنی چوارچێوەی فیکری و دەروونی تایبەت، نزیککردنەوەی چەمکەکان لە زەینی جەماوەر، و هاندانیان بۆ دەنگدان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٦- میتافۆرِی چەمکی ستراتیژیەتێکی کاریگەرە لە گوتارەکانی بانگەشەی هەڵبژاردندا، کە کاریگەری قووڵی لەسەر بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی دەنگدەران هەیە.

## سەرچاوەکان

### ١- بە زمانی کوردی

ئەحمەد، محەمەد کەریم، (٢٠٢٢)، درکپێکردنی وێنەی میتافۆرِیی لە کۆدی شیعرییدا، زانکۆی هەڵەبجە، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، بەشی زمانی کوردی، نامەی ماستەر.

البصیر، کامل حسن عزیز، (١٩٨١)، زانستی ئاوەڵواتا، کتێبخانەی نیشتیمانی بەغداد، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق.

باپیر – خالد، دلاوەر شوکری – فارق عزیز، (٢٠٢٣)، مێتافۆرِی چەمکیی شادی لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا، گۆڤاری توێژەر، هەولێر، زانکۆی سۆران – فاکەڵتیی ئاداب، بەرگی (٦)، ژمارە (١).

توفیق – مستەفا، قەیس کاکل – چیا عەلی، (٢٠٢١)، ستراتیژیەت و بەڵگە لە گوتاری سیاسیدا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٤، ژمارە ٢، زانکۆی سۆران.

جمیل، بنار عبدالجبار، (٢٠٢٢)، خوازەی چەمکی لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی زمانی کوردی، دکتۆرا.

جەواد، هۆشەنگ فاروق، (٢٠٢١)، پوختەیەکی تیۆری میتافۆرە چەمکییەکان و پەیرەوکردنی بەسەر هەندێ ئیدیۆمی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ژمارە (٤٩).

حەسەن، غازی، (٢٠٢٢)، گوتاری ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، چاپخانەی پاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

حەمەغەریب، هێرۆ ئەحمەد، ٢٠٢٣، میتافۆرِی نەخۆشییەکان لە زمانی کوردیدا "شێرپەنجە بە نموونە"، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، زانکۆی چەرموو، کۆلێژی پەروەردە و زمان،

خضر، شیلان یاسین، (٢٠٢٠)، کارلێکەری پەیامی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن بۆ ناوەڕۆکی گوتاری سیاسی لە نێو دەنگدەدان لە هەرێمی کوردستاندا – ٢٠١٨، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، کۆلێژی ئاداب، تێزی دکتۆرا.

رضا – مستەفا، ئیدریس محمد – ئیدریس عەبدوڵلا، (٢٠٢١)، وێنەی خوازەیی لە دیوانی (تەمەن)ی (ئەحمەد محەمەد)ی شاعیردا، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ساڵەح، سەرەوەر سەعدوڵڵا، (٢٠٢٤)، چەمکە میتافۆرییەکان لە دەقە شیعرییەکانی مەولەویی دا، گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی، سلێمانی، زانکۆی چەرموو، کۆلێژی پەروەردە.

شەریف، هاوکار یاسین، (٢٠٢٢)، کاریگەری گوتاری ڕۆژنامەوانیی کوردی و ڕۆڵی لە پتەوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی پرسی ریفراندۆم لە ڕۆژنامەی "خەبات"، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، کۆلێژی ئاداب، تێزی دکتۆرا.

عباس، ئاشنا فارس، (٢٠٢٢)، میتافۆڕ لە شیعرەکانی قوتابخانەی باباندا (توێژینەوەیەکی سیمانتیکیی مەعریفی) زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی، ماستەرنامە، هەولێر.

عبداللە، گۆنا عمر، (٢٠٢٣)، تۆربەندی ڕێزمانی وشە لە زمانی کوردییدا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، تێزی دکتۆرا.

عمر، ژاوەرۆ عباس، (٢٠٢٢)، هێزی ڕاکێشان لە کردەی ئاخاوتندا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی زمانی کوردی، نامەی ماستەر.

عمر، شوان نجم الدین، (٢٠٢٤)، تەکنیکەکانی زمانی میلتۆن لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، تێزی دکتۆرا.

عەلی، تاڵیب حوسێن، (٢٠١٩)، شیکردنەوەی گوتار (شانۆگەری – ڕۆمان – تەنز – شیعر)، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

غەریب، نالی ئەدهەم، (٢٠٢٤)، درکپێکردنی مێتۆنیمی لە زمانی کوردیدا، کتێبخانەی ڕۆمان، چاپی یەکەم، سلێمانی.

فەتحوڵڵە، ڕۆژان نوری عەبدوڵڵە (٢٠٢٤)، ڕۆڵی میتافۆڕ لە دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیدا، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم.

کەمال، دیار عەلی، (٢٠٠٩)، گوتاری سیاسی کوردی لە ڕوانگەی پێشگریمانەکانەوە، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، کۆلێژی زمان، تێزی دکتۆرا.

میراودەلی، خەسرەو، (٢٠٢٤)، میتافۆڕ لە قورئاندا، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، چاپی یەکەم.

مەعروف، بەکر عومەر عەلی، (٢٠٠٠)، میتافۆڕ لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، تێزی دکتۆرا.

مەقدید، ڕوخسار نەبی، (٢٠٢٣)، میتافۆری چەمکیی ڕەنگ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، زانکۆی سۆران، فاکەڵتی پەروەردە، ژمارە (٥٥).

یونس، عەدنان حەمەدەمین، (٢٠٢٠)، ڕەهەندەکانی سیاسیی کوردی لە هەرێمی کوردستان (سەردەمی شەڕی داعش بە نموونە)، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، ماستەرنامە.

### ٢- بە زمانی ئینگلیزی

Clarke, Michael (2019). Language and Thought in Ancient Greece. Cambridge: Cambridge University Press.
Gibbs, Raymond W. Jr. (2006). Embodiment and Cognitive Science. Cambridge University Press.
Lakoff, George, and Johnson, Mark (1980). Metaphors We Live By. Chicago: University of Chicago Press.
Ricoeur, Paul (2003). The Rule of Metaphor: The Creation of Meaning in Language. London: Routledge.

---

# Conceptual Metaphors in Electoral Campaign Discourse
## (A Case Study of the 2024 Kurdistan Parliamentary Election)

**Bahman Mohammed Mawlood**
Department of Kurdish Language, Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: bahman.mawlood@su.edu.krd

**Asst. Prof. Azad Aziz Sleman**
Department of Kurdish Language, Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: azad.sleman@su.edu.krd

## Abstract
Conceptual Metaphors serve a key role in shaping strategies within political election discourse. This linguistic tool is not only used to decorate or persuade but also to create a unique and powerful view of voters' public opinions. In this study, Conceptual metaphor acts as a bridge, simplifying complex ideas and making them emotionally

relatable. During the Kurdistan parliamentary elections, politicians use conceptual metaphors to make complicated issues easier to understand, deliver sensitive messages, and build a connection with voters. These metaphors often carry hidden ideological meanings and can subtly—yet deeply—influence how voters think and act. Conceptual metaphor is also crucial for creating new and richer language, as well as shaping political realities. Additionally, it demonstrates how language tools are strategically used to achieve political goals. By reframing narratives, metaphors become powerful tools for shaping both language and ideological frameworks in politics.

***Keywords:*** *Conceptual metaphor, Persuasion, Election Campaign Discourse, Target domain, Source domain*

## الاستعارات المفهومية في خطاب الحملات الانتخابية
## (دراسة حالة الانتخابات برلمان كوردستان لعام 2024)

**المُلخّص:**
تُعد الاســـتعارة المفهومية إحدى الأدوات اللغوية الفعّالة التي تلعب دورًا محوريًا في تشـــكيل اســـتراتيجيات الخطاب السياسي، ولا سيما خلال الحملات الانتخابية. فهي لا تُستخدم فقط كوسيلة جمالية أو أداة للإقناع، بل تتجاوز ذلك لتُسهم في بناء تصورات ذهنية قوية حول الرأي العام، وتشكيل الوعي السياسي لدى الناخبين. وتُستخدم هذه الاستعارات كجسر يربط بين الأفكار المعقدة والجمهور، حيث تسهّل من إيصال الرسائل الحساسة وتعزز من العلاقة بين السياسيين والناخبين من خلال بعد عاطفي ومعنوي. وغالبًا ما تحمل هذه الاستعارات معاني أيديولوجية خفية تُمارس تأثيرًا غير مباشـــر، لكنه عميق، على طريقة التفكير واتخاذ القرار لدى الجمهور. كما تُسهم في توليد خطاب سياسي جديد وأكثر ثراءً من الناحية اللغوية، مما يجعلها أداة استراتيجية في تشكيل الواقع السياسي والسرديات التي يقوم عليها. وعليه، يُبرز هذا البحث كيف تُستخدم اللغة كوسيلة لإعادة صياغة الأطر الفكرية والسياسية، من خلال توظيف الاستعارة بوصفها آلية بلاغية ذات بُعد أيديولوجي واستراتيجي.

**الكلمات المفتاحية:** الاستعارة المفهومية، الإقناع، خطاب الحملة الانتخابية، المجال الهدف، المجال المصدر.